ئەمریکا: ژەمی بەشار ئەسەد بەهۆی متمانەبوونی بە پاپشتیی ئێران و ڕووسیا ڕووخا



وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، ئەنتەنی بلینکن ئاماژەی دەدات: ژەمی بەشار ئەسەد لە ساڵی 2011ەوە بەهۆی کەتکردنەوەی پرۆسەی سیاسیی و متمانەبوونی بە پشتیوانی ئێران و ڕووسیا، ئەمە بووە هۆی ڕووخانی خۆی.

وەزیری دەرەوەی وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەنتەنی بلینکن ڕاگەیاندراوەکی سەبارەت بە پێشهاتەکانی سووریا و ڕووخانی ژەمی سووریا بڵاوکردەوە و ئاماژەی بەوەکرد، کە دوای 14 ساڵ لە شەڕی ناوخۆی گەلی سووریا، دواجار هەلیان بە کەخسا، ئەمریکا پشتیوانی لە پرۆسەی ڕاگواستنی ئاشتیی دەکات لەسووریا .

گوتیشی: "ژەمی ئەسەد لە ساڵی 2011ەوە بەهۆی کەتکردنەوەی پرۆسەی سیاسیی جێ متمانە و متمانەبوونی بە پشتیوانی ئێران و ڕووسیا، بووە هۆی ڕووخانی خۆی".

وەزیری دەرەوەی ئەمریکا هەروەها باسی لەوەکرد، کە پشتیوانی لە هەوڵە نودەوڵەتییەکان دەکەن بە لەپرسینەوە لە ژەمی ئەسەد لەسەر ئەو تاوانانەی ئەنجامیان داوە.